The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## هەڵوێستی چاک لەسەر دۆزی فایلدارەکان

ناوەندی چاك هەر لە پێش ڕوخاندنی ڕژێمەوە بانگەوازی هەمووانی کرد بۆ پاراستنی فایلەکان، بە دوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسیشدا هەر زوو هەڵوێستی وەرگرت و کەمپینی جەماوەری سازدا بۆ بە دادگاییگەیاندنی فایلدارەکان.

ئێمە لەگەڵ دادگاییکردنی هەموو مۆرەکانی ڕژێمداین لە کوردستان بەبێ جیاوازی و چاوپۆشی لە هیچ یەکێکیان لەسەر بنچینەی پێگەی کۆمەڵایەتی و پلە پایە و حزبایەتی، هەموو ئەوانەی دەستیان سوور و فایلیان ڕەشە پێویستە ببردرێنە بەردەم دادگا وەك گومانلێکراو.

باوەڕمان وایە دەبێت کێشەی فایلدارەکان لە دادگا یەکلا بکرێتەوە نەك لیژنەی دیاریکراوی بۆ پێك بهێنرێت، پێویستە کارەکانی دوور بێت لە تەسفیاتی سیاسی، هەروەها ناکرێت چاوپۆشی لە هیچ یەکێك لە گومانلێکراوان بکرێت، هاوکات دەبێت بەشێوەی جدی و لە ڕێگای دادگایەکی سەربەخۆو ئازاد و کراوەوە ئەنجامبدرێت، بۆ ئەوەی بڕیارەکان ڕەوایەتی هەبێت، ماف بگەڕێتەوە بۆ بێتاوانانیان ئەگەر هەبن.

ناوەندی چاك
2006-10-11